مێژووی کۆنی کوردستان
بابەتی کوردستان لە دوای رووخانی دەسەڵاتی میدی

ئامادەکردنی

پ.ی.د. هلز عنتر ولی

مامۆستا لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان- زانکۆی سەلاحەدین

2020

بەکەم: کوردستان لە ژێر دەسەلاتی ئەخمینی(559-331پ.ز)

ناوی ئەخمینی لە ناوی دامەزرێنەری بنەماڵەکەیان هاتووە ئەویش(ئەخمنیس) بو، ویەکەم دەرکەوتنیان لە بەشی باکوری رۆژئاوای ئیران بوو دوای کۆچ یان کرد بۆ بەشی باشوری نزیك کەنداوی عەرەب بە تایبەتی لەو ناوچە ودەڤەرەی کە پێ دەوترێ وەلاتی فارس.

پاشان بنەماڵەی هەخمانیشەکان بە سەرکردایەتی (کورشی دووەم(559-530پ.ز) کە بە دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەخمینی هەژماردەکرێت) دەسەڵاتی خۆی فروان بکات تاکو دەتوانیت هەموو وەڵاتی فارس ومیدیا وهەرێم ودەڤەرەکانی تر داگیر بکات ، هەروەها توانی وڵاتی بابل بخاتە ژێر رکێڤی خۆی، ولە ماویەکی کەمدا توانی وەڵاتی شام ومیسر وئەنادول وبەشێك لە ناوچەکانی وەڵاتی یونان داگیر بکات ، ودەسەڵاتی زۆر فروان دەبێت هەتاکو تێکوشانەکی عەسکری دیرو درێژ روودەدەدات لە نیوان ئەخمینیەکان وئەغریقیەکان لە مێژوودا بە ناوی شەرەکانی فارسی یونانی ناسراون.

ئەوەی گرنگە لێرە باس بکەین بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەخمینی بە تایبەتی سەردەمی کورشی دووەم کە کە دەسەڵاتی فروان دەبێت وکوردستان دەبیتە بەشێك لە وەڵاتیان بە تایبەتی پاش روخانی دەوڵەتی میدی ، لێردا پایتەختی میدیەکان اکبتانا وهەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میدی دەخرێتە ژێر دەسەلاتی ئەخمینی، ولێردا شالاوەکانی ئەخمینی دەستی پێکرد بۆ بابل وچیاکانی کوردستان هەتاکو توانیان هەموو هەرێمەکان کە لە رۆژهلاتی دیجلە داگیر بکەن.

لەم کاتدا ناوچەکانی کوردستان بریتی بوون لە چەند یەکتیەکی ئیداری وەك ئەرمینیا وئاشور ومیدیا و هەر ناوچەیەکی لە ژێر دەسەڵاتی والی ئەخمینی بوو وباجی تایبەت بە پاشای ئەخمینی سالانە دەیانارد. خەلکی کوردستان رازی نەبوون لە دەسەلاتی ئەخمینی زۆر جار هەولیان داوە راپەرین وشۆرش ئەنجام بدەن تا لە دەسەلاتی ئەخمینی رزگار ببنەوە. وەك شۆرشی گەورەی وەڵاتی میدیا بە سەرکردایەتی فروتیش لە سەردەمی دارای یەکەم (522–486پ.ز) کە توانی لە سالی 521پ.ز کۆتایی پێ بینیت.

دووەم: کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەغریقی (331-247پ.ز)

سەرکردەی گەنجی ئەغریقی (ئەسکەندەری مەقدونی 336-323پ.ز) توانی دەسەڵاتی وەڵاتی یونان ومەقدونیا بگریتە دەستی خۆی، وتوانی سۆپای ڕێکبێخیت ولەو کاتەدا خۆی بۆ هێرشبردنە سەر ئاسیا ئامادەکرد ،وسەرکەوتنی بە دەست هینا لە ئاسیای بچووك ووەڵاتی شام ومیسر وهەموو بنکە ئەخمینیەکان لایبرد.

لە ساڵی 334پ.ز ولە تەمەنی 22 ساڵی ئەسکەندەر توانی هێزێکی گەورە کە بێکهاتبوو لە 32هەزار سەرباز وە هەزار جەنگاوەری سوارچاك بێکبهینیت ، لە ڕێگەی هێلێسپۆنت (دەڕدانیل) هێرش بردە سەر ئاسیای بچووك

و کەیشتە باکووری ڕۆژئاوای سووریا لە وێدا لە شوێنێك بە ناوی ((ئیسووس Issus)) خودی داریووشی بە سوپایەکی زۆرەوە چاوەڕوانی ئەوبوو . لێرەشدا جارێکی تر ئەسکەندەر سەرکەوتنی بەدەست هێنا ، وکاتێك یۆنانییەکان پێگەی سەربازی ئیرانیان گرت هاوسەری پاشای گەورە ومناڵەکانی وا دایکی بەدیل گیران ، بەڵام ئەسکەندەر بە دڵنەرمی وریزەوە هەڵسوکەوتی لە گەلیان کرد ، ئینجا ئەسکەندەر وداریووش چەند نامەیەکیان بۆ یەکتر نارد یەکەك لە نامەکیان دەقی ئەوەبوو .

داریووش بۆ ئەسکەندەر نووسی :

((ئەسکەندەر هێچ نێردراوێکی بۆ دیوانی من نارد ، تاکو جەخت لە سەر هاوڕێی وهاوپەیمانێنی دێرینی نیۆان ئەم دوو ئیمبراتۆرییەتە بکات چەکدارەکانی هیرش کردە سەر ئاسیا و زەرەرو زیانێکی زۆری بە ئیرانییەکان گەیاند ،لەبەر ئەوە من جەنگم گرتەبەر ... ئیستا داوا لە ئەسکەندەر دەکەم هاوسەر ودایك ومنداڵەکانی بنێرێتە پێی باشە هاوڕێ وهاوپەیمانی ئەو بێت وبەئەسکەندەر رادەگەیێنم نوێنەرێك لە لایەن خۆیەوە بۆ لای من بنێرێ تاکو کارە سەرەتاییەکان بۆ متمانە پێك کردن ئەنجام بدرێ))

وەڵامی ئەسکەندەر بۆ داریووش :

((باب وباپێرانی تۆ هێرشیان کردە سەر یۆنان و وەڵاتی ئێمە یان تووشی زەرەر و زیان وێرانی کرد ... بەیارمەتی پەروەردگار من فەرمانڕوای وەڵاتی ئیۆەمە وخۆم بە بەرپرسیاری گیانی سەربازانی سوپای تۆ کە هەڵاتونەو پەنایان بۆ هێناوە ،دادەنێم ئەوان بەدیل نەگیراون بەڵکوو سەربەست بوونە وبە ئارازووی خۆیان هاتوونەتە ژێر دەسڵاتی من . جا بۆیە هەر بەو جۆرەی کە دەبێ بڕۆیە خزمەت وفەرمانڕوای ئاسیا ، وەرە لای من ... ولە داهاتوودا ئەگەر ویستت نامە بۆ بنێری ، بە ناونیشانی فەرمانڕەوای سەرتا سەری ئاسیا ناوم بێنە))

ئەسکەندەری مەقدوونی رووی کردە کوردستان لە نیۆان ساڵی 331پ.ز ولە رووباری دیجلەی پەرییەوە لە نێزیك (پیش خابور) فیش خابوور بە درێژایی لایانی راستی کەناری روباری دیجلە رۆیی

ئینجا لە شۆینی (کوکمیلا یان گۆرگمیل) نێزیك شاری هەولیر سوپای ئەسکەندەر رووبەرووی سوپای پاشای ئەخمینیەکان بوون وئەسکەندەر تۆانی سەرکەوتنی بەدەست بێنی بە هۆی سەرکردایەتی باش و هێزیکی سەربازی بە توانا . وە لەکاتەك هەواڵی هەڵاتنی داریووش گەیشتە رێزەکانی سوپا ، ئەوانیش هەڵاتن وەکۆ سەرکردەی خۆیان .

کاتی ئەسکەندەر بە هەڵاتنی داریووشی زانی بەدووای شۆینی دا رویشت بۆ جیاکانی کوردستان ولە چیایی زاگروز دا تێپەر بوو لە کاتەدا توانی دەست بە سەر شاری ((اکبتانا)) بدات ، بەم شێوەیە ناوچەکانی وەڵاتی کوردستان بوون بە بەشیك لە ئیمراتوریەتی ئەسکەندەری مەقدوونی

شەری
کوکمیلا
الأراضي قبل فتوحات الاسكندر
الامبراطورية الأخمينية
المملكة المقدونية
طريق الاسكندر
معارك هامة
مدن كبرى
المدن التي بنيت أو أطلق عليها الاسكندرية
البحر الأسود
البحر المتوسط
أوروبا
فيليبوبوليس
بيلا
334ق.م
ساردس
عقدة
أثينا
أفسس
أسبرطة
هاليكارناسوس
كابادوكيا
طرسوس
333ق.م
بافوس
صور
القدس
الشام
تدمر
نينوى
331ق.م
أربيل
بابل
شوشان
هكمتانه
صددروازه
غاباي
فارس
آرية
باختر
سغد
سمرقند
طشقند
باسارغاد
برسبوليس
حارموسية
325ق.م
325ق.م
كيرينيكا
منف
سيوة
مصر

پاش کوچ دووایی ئەسکەندەر لە ساڵی 323پ.ز ، سوریا و وەڵاتی رافدیین وکوردستان بوون بە بەشی سەرکردەی سەلوقسی یەکەم ((311- 281پ.ز)) کە توانی دەوڵەتی سەلوقی دامەزرینی ((311-126پ.ز))

سەلوقیەکان زوور گرنگی یان بە بازرگانی وریکخستنی کارە داراییەکان یا نداوە وەك (لیدانی سکوك ودانانی بنکە سەربازیەکان وئاوەدانکردنەوەی قەلا لە سەر ریگای بازرگانی وەك ریگای حەریر (لە صین بۆ ئەوروپا لە نیوان وەڵاتی کوردستان) بە هۆی بوژانەوەی لایانی ئابووری وبازرگانی .

گاریگەری شارستانیەتی ئەغریقیەکان بە دیارکەوت لە کوردستان لە زۆر لایان بە تایبەتی بازرگانی وئابوور ، کاتەك کە زۆرتر لەو مەسکوکاتانەی کە لە کوردستان دۆزراوتەوە دەگەریتەوە بۆ سەردەمی سەلوقیەکان وە وینەی ئەسکەندەر ومەلیکی سەلوقی لە سەرە ، بەلگەی تریش مان هەیە لە بواری بەلاوبوونەوەی شارشتانیەی هیلینی لە کوردستان ئەوە کە بەلگەنامەیك دوزراوتەوە لە ناوچەی (هەورەمان) دوو نۆسینی بە زمانی یونانی تیدایە ودەگەرینەوە بۆ ساڵی 88پ.ز و 22پ.ز

هەروەها زوور ناو مان هەیە لە کوردستان کەناووی شوینی جوگرافین دەگەریننەوە بۆ ئەو سەردەمانە وبەلگەیکی بەرچاوە لە کاریگەری شارستانیەتی ئەغریقیەکان وەك ((بنجوین = بنج وین واتەپینج الیون)) ، و((بیتوین = بیت وین واتە خانووی الیون دیار الیون)) وزوور ناوی تر کە بەلکەی بەلاوبونەوەی شارستانیەتی ئەو سەردەمانەبوو

کوردستان لە سەردەمی ساسانی224 پ.ز -651ز

رۆژگاری ساسانیەکان بایەخێکی تایبەتی هەیە لە مێژووی ئیران ورۆژهەڵاتی ناوەراست ئەم گرنگیەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ساسانیەکان توانیان دەسەڵاتێکی بەهێز دورست بکەن ئەم دەسەڵاتە زیاتر لە جوار سەدە بە سەر بەشەکی گەورەی جیهانی ئەودەم فەرمانرەوای کرد پێش هاتنی ساسانیەکان ئەشکانیەکان فەرمانروەای ئیرانیان دەکرد لە سەرەتای هەزارەی سییەمی زاینی ، بەلام بەهۆی شەر وململانێو کێشە ناوەخۆیەکانی ئیران یاخود دەولەتی ئەشکانی ئەمەش بوە هۆی (ئەردەشێری کوری بابك کوری ساسانی) کەوا داگیری بکات ولە 224ز توانی شاری (مدائین) داگێربکات ئەمە بووە بە سەرتا دامەزراندنی دەولەتی ساسانی وئەردەشیر دامەزرینەری ئەم دەولەتەبووە

کوردستان لە سەردەمی ساسانی

لە سەردەمی ساسانیەکان کوردستان ناوچەیەکی جوگرافی گرینگ بووە بەهۆی ئەوەی خاکەکەی زۆر لە باربووە بۆ کۆشتوکالی وە شوێنیکی ستراتیجی بووە بۆ کاروان چیەکان بووە ، کوردستان جێگای شەرو پێکدادانی هێزی ساسانی و دەولەتی رومە بیزەنتیەکان بوون لە سەرتا هاتنی ساسانیەکان بۆ کوردستان دەگەریتەوە بۆ سەردەمی (شاپوری یەکەم 241-271ز) کە هێرش کردە سەر ناوچەی کوردەئین کە کوردەکان رازی نەبوون بە دەسەلاتی ساسانی. وچەند شورشێك روویدا توانیان تامتوەیەك سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بێنن بەلام کەوتنە ژێر دەسەلای ساسانیەکان

لە کاتی بەردەوامی پێشەوی کردنی ساسانیەکان بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ لە نیوان رومە بیزەنتیەکان بە سەرکردایەتی ئیپراتۆر (قستنتینیوس ی دووەم) وشاپوری دووەم لە سالی 348ز لە ناوچەی شەنگال بەیەکەم شەردادەنرێت لە نێوان ئەم دوو هێزە ، کە ساسانیەکان توانیان سەرکەوتن بە دەست بێنن لەم جەنگەدا

دوای ماویەك کارلیوس سەرکردەی رومی سوپایەکی ئامادەکرد توانی ناوچەی کوردەئین وئەرمینیا داگیر بکات وریکەوتنامەیەك لە نیوانیان مۆر کرا لە ناوچەی دیاربکر ویەکەك لە دەقەکانی دەبێ ساسانیەکان تەنازول بکەن لە بۆ رومەکان لە ناوچەکانی ئامەد و وان ودیابەکر وسنێ و ماردین واتە هەموو ناوچەکانی کوردی

وکاتێك كە ناوچە كوردیەكان كەوتنە ژێر دەسەڵاتی رومەكان توشی ئازارەكی كەورەبوون و زور بێهیز بوون لە رووی ئابوریەوە ولەو كاتەدا ئاینی مەسیحی بەڵاوبووە لە ناوچەكەدا بە م شێوەیە بومان دەركەوت بەدرێژایی سالانی(425-427ز) تاروخانی دەولەتی ساسانی لە سەردەستی موسلمانەكان لە شەری قادسیە كوردستان لەنێوان ململانیەكی سەختی ئەم دوو هێزە بووە كەوا جگە لە ئارازو نەهامەتی هیچی بۆ نەماوەتەوە ئەمەش بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتەكی كوردی بەهێز لەناوچەكەدا

BLACK SEA
CASPIAN SEA
CAUCASUS MOUNTAINS
SARMATIA
KOLKHIS
NOKALAKEVI
Phasis
MTSKHETA
IBERIA
ALBANIA
KABALAKA
Kyros
Sevan
ARTASHAT
PONTOS
AMISOS
Lykos
NIKOPOLIS
LESSER ARMENIA
GREATER ARMENIA
Halys
MAZAKA
KAPPADOKIA
SOPHENE
KARKATHIOKERTA
TIGRANAKERT
Van
GORDYENE
MEDIA
GANZAK
ATROPATENE
CILICIA
TARSOS
EDESSA
ANTIOKHIA
SELEUKEIA PIEREIA
SYRIA
ARMENIAN EMPIRE
OSRHOENE
ADIABENE
ARBELA
KALLINIKOS
HATRA
CYPRUS
MEDITERRANEAN SEA
LAODIKIA
ARADOS
TRIPOLIS
BYBLOS
BERYTOS
SIDON
DAMASCUS
TYRE
PTOLEMAIS
PALMYRA
DOURA EUROPOS
SYRIAN DESERT
PARTHIAN EMPIRE
EKBATANA
Euphrates
SELEUKEIA
KTESIPHON
Tigris
BABYLON
BABYLONIA
KAYSAREIA
Jordan
JUDEA
JERUSALEM
GAZA
Dead Sea
NABATAIA
PETRA
ARABIA
Artaxiad Armenia 95 B.C.
Acquired by Tigran, 95-66 B.C.
Vassal kingdoms of Tigran
Briefly vassals of Tigran
Scale
0 80 160 km.
0 50 100 150 mi.
N
مملکەتی
حەدیاب